سەرۆك کۆمار: عێراق سیاسەتی دەرەوەی لەسەر بنەمای سەروەری و سەقامگیری دەگرێتەبەر

سەرۆك کۆمار عەبدولەتیف جەمال ڕەشید ئەمڕۆ شەممە پشتڕاستی کردەوە کە عێراق سیاسەتی دەرەکی لەسەر بنەمای بنەماکانی سەروەری و سەقامگیری دەگرێتەبەر.

سەرۆك کۆمار لە میانی ڕاوێژی یادکردنەوەی ساڵوێژی شەهیدبوونی ئایەتوڵڵا سەید محەمەد باقر حەکیم ڕایگەیاند: کە شەهیدبوونی سەید محەمەد باقرحەکیم کەتایی بە مەژوویەکی شەرەفمەندانە هێنا لە کاری جیهادی و خەباتگێڕانە، جەختی لەوە کردەوە کە شەهیدی ژیر لە خەمی یەکگرتوویی نەتەوەیی عێراقدا خۆی نیشان دەدا.

ئاماژەی بەوەشکرد : پرسی سیاسی پێویستی بە هەوڵی هەموو لایەك هەیە بە پشخستنی پرسی بیناسازی و هەڵکاری ئاسۆی ستراتیژی، ئاماژەی بەوەشکرد : عێراق سەرکەوتوو بووە لە پەرەپێدانی پێیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی ناوچەکە و جیهان.

جەختیشی لەوە کردەوە : کە عێراق سیاسەتی دەرەوە دەگرێتەبەر کە لەسەر بنەمای ڕێچاوکردنی بنەماکانی سەروەری و سەقامگیری و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆ دامەزراون.